مەشهەدانی وفیدان تاوتوێی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقییەکانی نیشتجێی تورکیا دەکەن



مەحمود مەشهەدانی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەمڕۆ چوارشەممە داوای لەبەرپرسانی تورکیا کرد، ئاسانکاری لە کارەکانی نیشتەجێبون و ڤیزای چونە ژورەوە بۆ عێراقییەکان بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن و دوربکەونەوە لە دیپۆرتکردنەوەی لەناکاو مەگەر پشێلکاری یاسایی ئەنجام بدەن کە پێویستی بە دورخستنەوەیان هەبێت.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی سەرکایەتی پەرلەمانی عێراق، مەحمود مەشهەدانی لەمیانی دیدارەکەیدا لەگەڵ هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، هەردولا کەمەکێ بابەتی بەرژەوەندی هاوبەشیان تاوتوێ کردوە.

لەڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، لەکێبونەوەکەدا باس لەڕێگاکانی خێراکردنی دامەزراندنی نەخشەڕێگای گەشەپێدان کراوە کە بازدانێکی تایبەت لە ئابوریی هەردوو وڵاتدا بەدەستبهێنێت، بەشێوەیەکی ئەرێنی چالاکییەبازرگانییەکان هانبدات، پەیوەندی نێوان وڵاتانی ناوچەکە زیادبکات، هەروەها ئاسانکاری بۆ زیشتنی بازرگانی لە

ئاسیاوە بۆ ئەورووپا بەو کەمترین تێچون دەکات.

سەرکی پەرلەمان سوپاسی تورکیای کرد بۆ [illegible]ی لە زیادکردنی ئاوی زیادەی بۆ ناو ئوبارەکانی دیجلە و فورات و هیوای دەربڕی کە بەردانەوەی ئاو بەبێ پچڕان بەردەوام بێت.

لای خۆیەوە وەزیری دەرەوەی تورکیا دوپاتیکردەوە، لەلایەن سەرکردایەتی تورکیاوە، بەرژەوەندیەکانی عێراق لەبەرچاو دەگیرێت، هیوای دەربڕی هەڵبژاردنی داهاتو سەرکەوتو بێت و لە ئەنجامدا نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی گەلی عێراق بێت.